
# وەزارەتی دەرەوەی عێراق باڵیۆزی ئێران لە بەغدا بانگهێشت دەکات



وەزارەتی دەرەوەی عێراق باڵیۆزی ئێران لە بەغدا بانگهێشت کرد و یاداشتێکی نارەزایی لەبارەی هێرشەکەی شەوی رابردووی سوپای پاسدران بۆ سەر هەولێر رادەست کرد.

ئەمڕۆ سێشەممە، 16-01-2024، وەزارەتی دەرەوەی عێراق باڵیۆزی ئێرانی لە بەغدا بانگهێشت کرد و یاداشتێکی نارەزایی رادەست کرد، تێیدا "کۆماری عێراق سەرکۆنەی توندی خۆی بەرامبەر ئەو دەستدرێژییەی کرایە ژمارەیەک ناوچەی هەولێر دەربڕی" کە بەهۆیەوە ژمارەیەک هاووڵاتیی سڤیل شەهیدبوون و بەشێکی دیکەش بە سەختی برینداربوون.